سەدر داوای ئازادکردنی زیندانیانی سەر بە رەوتی سەدر دەکات



موقتەدا سەدر لەبەری هەوتی سەدر داوای لە حکومەتی عێراق کرد، سەرجەم زیندانیانی سەر بە رەوتی سەدر ئازاد بکات و راشیگەیاند، ئەوانەی تاوانیشیان کردوە بەنوسراوك بەن بدەن کە تاوانەکەیان دوبارە ناکەنەوە، بەوەش چیتر پێویست ناکات لە زیندان بمێننەوە.

موقتەدا سەدر لە هەژماری تایبەتی خێی لە پلاتفۆرمی ئێکس (تویتەری پێشو) نوسیویەتی، "لەگەڵ نزیکبونەوەی ڕۆژی شەهیدبونی ئیمام موسا ئیبن جەعفەر، کە لە زیندانی حکومەتی بەنی عەباس کوژرا، من بە بەڕۆژەوەندی دەزانم داوای ئازادکردنی زیندانیان بکەم کە پێیان دەڵێن هەوتی سەدر، سەبارەت بە زیندانییەکی خۆاگری، دەسەڵاتی ئێستا بانگەشەی پشتیوانی لە بەرخۆدان دەکات، پێویست ناکات لە زیندانداا بمێنتەوە، سەبارەت بە بتاوانەکانیش بانگەشەی دادپەروەری دەکات بەهەمانشێوە پێویست ناکات بەردەوام بێت لە زیندان، سەبارەت بە تاوانبارانیش ماوەیەکی بەرچاویان لە زیندانەکان بەسەربردوە، بێیە ئەگەر بە نوسراو بەڵێن بدەن کە تاوانەکەیان دوبارە ناکەنەوە، ئەوا دەبێت ئازاد بکرێن".

موقتەدا سەدر جەختیشی لەسەر داواکاریەکەی لە سبەینێ هەینی کردتەوە، بۆ ئازادکردنی زیندانیەکان و لێخۆشبون لە تاوانەکانیان.



